ئەوەی لەسەرتان لێی دەترسم ئەوەیە پیاوێک قورئان بخوێنێت؛ هەتاوەکو ڕۆشنایی قورئانی پێوە دیار بێت وببێتە پشتیوان وسەرخەری ئیسلام، هەتاوەکو ئەم پیاوە حاڵی دەگۆڕێت بۆئەوەی خودا دەیەوێت، خۆی لە ئیسلام جیا دەکاتەوە وپشتی لێدەکات، وبە شمشێر هێرش دەکاتە سەر دراوسێکەی، وتۆمەتی شیرکی بۆ هەڵدەواسێت

لە حوزەیفەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەوەی لەسەرتان لێی دەترسم ئەوەیە پیاوێک قورئان بخوێنێت؛ هەتاوەکو ڕۆشنایی قورئانی پێوە دیار بێت وببێتە پشتیوان وسەرخەری ئیسلام، (لەسەر ئەم حاڵە بەردەوام دەبێت) هەتاوەکو ئەم پیاوە حاڵی دەگۆڕێت بۆئەوەی خودا دەیەوێت، خۆی لە ئیسلام جیا دەکاتەوە وپشتی لێدەکات، وبە شمشێر هێرش دەکاتە سەر دراوسێکەی، وتۆمەتی شیرکی (موشریک بوونی) بۆ هەڵدەواسێت»، ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، کامیان شایستەترە بەوەی بە موشریک بانگ بکرێت، تۆمەت بۆ هەڵبەستراو یان تۆمەتباز؟ فەرمووی: «تۆمەتباز».

[حەسەنە] [ئیبنو حیبان گێڕاویەتیەوە]

لەو شتانەی کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- زۆر دەترسێت لەسەر ئومەتەکەی کە تووشی ببن ئەوەیە پیاوێک قورئان بخوێنێت؛ خەڵکی دەبینن پیاوەکە نور وڕۆشنایی قورئانی پێوە دیارە وشوێنەواری چاکی لەسەر ڕوونە، وپشتیوان وسەرخەری ئاینی ئیسلام ومسوڵمانانە وبەرگریان لێدەکات، لەسەر ئەم حاڵەیە هەتاوەکو حاڵی دەگۆڕێت وخۆی لە ئیسلام جیا دەکاتەوە و واز لە قورئان دەهێنێت ودراوسێکەی دەکوژێت، وتۆمەتی شیرکی (موشریک بوونی) بۆ هەڵدەواسێت، پرسیاریان لە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- کرد: ئایا کامیان شایستەترە بەوەی بە موشریک بانگ بکرێت، ئەم پیاوەی کە دراوسێکەی کوشتووە وتۆمەتی شیرکی بۆ هەڵواسیووە یان دراوسێکەی؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: ئەو کەسەی تۆمەتی شیرکی بۆ دراوسێکەی هەڵواسی وکوشتی شایستەترە بە موشریک بانگ بکرێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10855